کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 9-10-2007 0:36

**ئەگەر من فەلەكەدين كاكەيى بومايە ... ميران هەركى**

مامۆستا فەلەكەدین کاکەیی زۆر لەوەندە گەورەترە ببی بە وەزیرو ئەو کاتە جوانانەی خۆی بەدەم وەزارەتێکی ئیفلیج بوو بباتە سەر، ئەگەر من بوومایە لە جیاتی ئەو هەموو ژیانم تەرخان دەکرد بۆ نووسین، چونکە نووسین بۆ ئەو لەو تەمەنەیدا کە بەرەو وێستگەکانی کۆتایی دەچێت باشترین شتێکە کە ئارامی بە رۆحی ببەخشی و لە هەمان کاتیشدا زۆر پرۆژە ئەنجام بدات کە رەنگە خەونی لە مێژینەی بی و کات دەرفەتی بۆ نەرەخساندبی ئەنجامیان بدات، زۆر کەس هەن ئەمڕۆ ببن بە وەزیر وەزیری وەزیفەیەو کارێکی داهێنانی نیە بنیادەم شانازی پێوە بکات بەڵام کەم کەس هەن بن بە فەلەکەدین کاکەیی، ئەو فەلەکەدینەی کە ئەگەر خۆی نەیەوێت بە دەستەکانی خۆی کەسایەتی خۆی بە وەزیفە لەکەدار بکات، لەو ناوانەیە کە شانازییان پێوە دەکرێت.

دوو خاڵ هەن حەز دەکەم لەم پەراوێزەدا بیاندرکێنم ئەویش ئەوەیە کە بمانەوێت و نەمانەوێت فەلەکەدینی روونا‌ك بیرو رۆژنامە نووس و ئەدیب، کارێکی ئاساییە ئەگەر وەزیرێکی فاشیلی لی دەرچێت، بەڵام ئاسایی نیە کەسێك بەو هەموو خەسڵەتانەوە بە هەموو شتێك رازی بێت لە پێناو مانەوەو لە نێو ئەو هەموو هەڵەو شکستە گەورانەدا کە دێنە پێشی ئەو بوێریەی نەبی دەست لە کار بکێشێتەوە! بۆ ئەوەی بەلانی کەمەوە نەبێتە پارچەیەك لەو مێژووە تاڵەی بەسەر وەزارەتی رۆشنبیرییەوە تۆمار دەکرێت و فەلەکەدینیش بەشێك بی لێی لە هەمبەر هەموو ئەو سوکایەتیانەی بە وەزیرو وەزارەت دەکرێن مامۆستا فەلەك جورئەتی ئەوە نەکا وەك هەڵوێستێکی مێژوویی بوونی خۆی بسەلمێنی، ئەگەر مامۆستا فەلەك بە هەموو ئەو سوکایەتی پی کردنانەی بە وەزارەت دەکرێن رازی بێت و بۆ ماوەی چەند مانگێکی مانەوەی لە سەر کورسی بێدەنگی بنوێنی ئەمەیان زۆر بە گران لە سەر مێژووی مامۆستا فەلەك دەوەستێت، چونکە هیچ کەسێکی موتەشەبیس بە کورسیش قەبوڵی ئەوە ناکا سی مودیر عام نەقل بکاو ئەنجومەنی وەزیران هەرسێکیان بە ئیعتبارێکی گەورەوە بگەڕێنێتەوە؟!

کەواتە کوا هەڵوێست مامۆستا فەلەك؟پێم نالّی ی بەڕێزتان چاوەڕوانی چی دەکەن؟

___ Miran_a2003@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.